# ترس لەدامەزراندنی دەوڵەتی كوردی یان؟

**مەهدی ئەبوبەكر**
mahdy23@maktoob.com

حسین كفریك ئوغلۆ،سەرۆكی ئەركانی سوپای توركیا.لەدوایین چاوپێكەوتنی لەگەڵ(پاول ولفویتز)ی‌جێگری‌وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا وتی:ئەگەرلەكاتی هێرشی ئەمەریكا،بۆسەر عیراق ئەگەر كوردەكان دەست بەسەر كەركوكدا بگرن،ئەوا ئێمە دەستە وەستان ناوەستین وهێزەكانمان بەرەو ئەوناوچەیە دەبەین.چونكە ئێمە چارەنووسی توركمانەكانی ئەوناوچەیەمان زۆرلامەبەستە.لەدرێژەی قسەكانیدا بەجێگری وەزیری بەرگری ئەمەریكا دەڵێت:حەزدەكەم بەراشكاوی پێتبڵێم: كەمن لەبنەچەدا توركمانم ماوەیەكی زۆرە دەوڵەتی توركیا،كەوتۆتە بانگەشەی ئەوە كە گوایە ئەمەریكا بەنیازە لەدوای روخاندنی رژێمی بەغدا دەوڵەتێك بۆكورد دابمەزرێنێت.هەرچەندە ئەوپڕوپاگەندانەی‌توركیا بەهەموو جۆرێك لەلایەن هەردوو پارتە سەرەكیەكەی كوردستانەوە وەلام دراونەتەوەو،لەگفتوگۆكانی نێوان توركیاو نوێنەرانی پارتەكانی كوردستاندا،زۆردەمێكە ئەنقەرە لەوەتێگەیەنراوە كەشتێكی وا لەئارادا نییە.جگە لەوەش ئەمەریكا توركیای دڵنیا كردووەكەهیچ پرۆژەو بەرنامەیەكی لەوجۆرەی لەبەردەستدا نییە.هەرچەندە توركیازۆر باش لەوە دڵنیا بووەكەدامەزراندنی دەوڵەتی كوردی لەگۆڕێدا نییەبەڵام لەبانگەشەكردن نەوەستاوە،تەنانەت حیزبە توركمانیەكانی ناوبەرەی توركمانی‌كەلەژێر سایەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا پارێزراون ودەیان ئیمتیازی گرنگیان پێدراوە هەمان پڕووپاگەندەی دەوڵەتی توركیا دووبارە دەكەنەوە وداوای مافی ئۆتۆنۆمی لەكەركوك وهەولێرو چەندین ناوچەی تری باشووری كوردستاندا دەكەن.دەتوانین بپرسین :ئایا توركیا ئەو پڕوپاگەندانە بۆچی دەكات؟حكومەتی ئەنقەرە دۆستێكی نزیكی حكومەتی بەغدایەودوژمنێكی سەرسەختی حكومەتی هەرێم وكێشەی‌كوردە بۆیە لەرێگای ئەو پڕوپاگەندانەوە دەیەوێت هەستی دەوڵەتانی عەرەب بەرامبەربەدوارۆژی عیراق وپارچە پارچە كردنی بجوڵێنێت و وەكو لەمپەرێك لەبەرامبەر هێرشی چاوەڕوانكراوی ئەمەریكا،بۆسەر عیراق بەكاریانبهێنێت. توركیا دەزانێت ئەمەریكا بەجددی‌كار بۆكۆتایی پێهێنانی سەددام دەكات ولەو پێناوەشدا پێویستی بە یارمەتی توركیا دەبێت بۆیە بەهۆی ئەو پڕوپاگەندانەوە مەبەستێتی كۆمەڵێك ئیمتیاز بۆخۆی وبۆتوركمانەكان وەدەست بهێنێت وئەمەریكاش بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی كەدوای روخانی عیراق ودامەزراندنی (رژێمێكی دیموكراسی)،چیدی پێویست بەوە ناكات كە حكومەتی هەرێم‌بمێنێت.جا لەرێگەی ئەو پڕوپاگەندانەوەدەیەوێت ئەو دەستكەوتانەی كوردستانی باشوور لەرەگەوە دەربهێنێت.دەپرسین:لەشەڕی چاوەڕوانكراوی عیراق و ئەمەریكادا،توركیا دەتوانێت ئامانجەكانی خۆی بەدەستبهێنێت یان نا؟

www.kurdistannet.org